*Journal of Kurdish Literature*
Spring and Summer 2020
Vol. VI, No. 1, Series 9

***پژوهشنامه ادبیات کردی***
بهـــار و تابستـــان ۱۳۹۹
سال ٦، شماره ۱، پیاپی ۹

Archive of SID

# لێکدانەوەی بەستێن لە دەقی شیعریدا: بەراوردی بەرهەمی شێرکۆ بێکەس و ئەحمەد شاملوو بە نموونە

لوقمان رەئووف [۱]؛ هاشم ئەمین (توێژەری بەرپرس) [۲]

نوع مقاله: مقاله پژوهشی؛ تاریخ دریافت: ۱۵ فروردین ۱۳۹۹؛ تاریخ پذیرش: ۲۸ شهریور ۱۳۹۹؛ صص ۲۲۱-۲۴۵

DOI: https://www.doi.org/10.34785/J013.2020.929

## کورتە

ئەم لێکۆڵینەوەیە کارکردنە لە سەر کۆنتێکستی دەقی شیعری. بەو پێیەی کۆنتێکست بریتییە لەو ڕێڕەوەی کە بە هۆی ڕێکەوتن لە نێوان قسەکەر و گوێگردا دەبێتە هۆکار بۆ ئاشکراکردنی مانای وشەکان، یان ژینگەیەکی زمانەوانییە و بە وشە و دەستەواژە و ڕستە دەورە دراوە؛ یا خود کۆمەڵێک بارە کە دەوری قسەکردنی داوە. لەم سۆنگەشەوە کار لە سەر دیاریکردنی ئەو مانایە دەکات کە دالەکان لەم ڕێڕەوەوە دەیبەخشن. بە مانایەکی تر، ڕێڕەوی کۆنتێکست دەبێتەوە بە دالێکی تر کە لە سەر دالە ئاساییەکان دروست دەبێتەوە؛ چونکە خودی کۆنتێکست تێکستێکی مانایی دروست دەکات و کاریگەریی دەبێت لە سەر ئەنجامی ماناکان، یان میکانیزمی دەقەکە، بەو پێیەی ئەو کۆنتێکستەی کە مانای وشەکە دیاری دەکات، کۆنتێکستی زیهنییە دواتر پەیوەست دەبێت بە زمانەوە، نەک قسەوە. بەمەش، لەگەڵ سۆسێر جیاوازە، چونکە لەم ڕوانگەوە لای سۆسێر جارێک ڕەگەزی زمان، جارێک ڕەگەزی قسەکردن ڕۆڵ دەگێڕن. جۆری ئەو کۆنتێکستەی کراونەتە بنەمای ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەو جۆرانەی کۆنتێکستن کە ڤان دایک دیاری کردوون. هۆکاری هەڵبژاردنی ڤان دایکیش ئەوەیە کە پۆلێنبەندییەکەی لەوانی تر فراوانترە بۆ کار لەسەرکردن. ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکهاتووە لە دوو بەش: لە بەشی یەکەمدا کار لە سەر چەمک و پێناسەی تێکست کراوە، دواتر قسە لە سەر چەمک و پێناسەی کۆنتێکست کراوە و بۆچوونە جیاوازەکان خراونەتە ڕوو؛ دواتر باس لە گرنگی و بایەخی کۆنتێکست کراوە. لە بەشی دووەمدا جۆرەکانی کۆنتێکست لە دەقدا دیاریکراون، لەگەڵ هێنانەوەی نموونەی پێویست و شیکردنەوەی کۆنتێکستەکان، بەپێی ئەو مانایەی کە کۆنتێکستەکە دەیگەیەنێت.

**وشەگەلی سەرەکی:** تێکست؛ بەستێن؛ مانا؛ وشە؛ دال؛ مەدلوول.

## چکیده

این پژوهش تحلیلی درباره بافت متن شعری است. بافت شامل تمام اطلاعات موجود بین گوینده و شنونده است که به وسیله‌ی آن‌ها معنای کلمه‌ها آشکار می‌شود؛ یا محیطی زبان‌شناسانه است که در آن واژه، اصطلاح و جمله قرار دارد؛ یا این‌که مجموعه‌ای از روش‌هاست که گفت‌وگو را احاطه کرده است. نقش بافت آشکارسازی معنای دال‌ها است؛ به عبارت دیگر بافت متن خود تبدیل به دال دیگري می‌شود که از دال‌های عادی ساخته می‌شود؛ زیرا بافت خود متنی معنایي می‌سازد و بر نتیجه‌ي معناها یا مکانیزم متن تأثیر می‌گذارد؛ در واقع بافتي که متضمن معناي واژه است، بافتي ذهني است که بعدا به زبان ملحق می‌شود، نه به صحبت‌کردن. چنین دیدگاهی متفاوت با نظر *سوسور* است. زیرا از دیدگاه وی، يك مرحله جنس زبان و مرحله‌ی دیگر جنس صحبت‌کردن نقش ایفا مي کنند. بافت‌هایي که به عنوان اساس این پژوهش در نظر گرفته شده‌اند، آن نوع بافت‌هایي هستند که وان دایک تعیین کرده است. علت انتخاب وان دایک هم این است که طبقه‌بندی وی به مراتب از متن‌های دیگر برای تحقیق و پژوهش گسترده‌تر است. پژوهش حاضر از دو بخش تشکیل شده است: در بخش اول نخست مفهوم و تعریف متن ارائه شده است، سپس مفهوم و تعریف بافت، در ادامه نیز دیدگاه‌های مختلف ارائه شده‌اند. در انتهای این بخش نیز از اهمیت و ارزش بافت سخن به میان آمده است. در بخش دوم انواع مختلف بافت در متن، همراه با نمونه‌های لازم و تحلیل بافت‌ها بر اساس معنایی که آن بافت ارائه می‌نماید، مشخص شده‌اند.

**واژگان کلیدی:** متن؛ بافت؛ معنا؛ کلمه؛ دال؛ مدلول.

۱. مامۆستای زمان و وێژەی کوردی، فێرگەی تەکنیکی، سلێمانی، کوردستانی عێراق — l.rauoff@yahoo.com
۲. ماستێری زمانناسی، سلێمانی، کوردستانی عێراق — hashmam80@gmail.com

www.SID.ir

Archive of SID

## ١ـ پێشەکی

### ١-١- چەمک و پێناسەی تێکست

لە زمانی کوردیدا هەر دوو وشەی دەق و تێکست بەکار دەهێنرێت. وشەی تێکست ڕاستەوخۆ لە وشەی «**text**» وەرگیراوە و وشەی دەقیش لە زمانی کوردیدا، بە مانای بێ‌کەم‌وزیاد، یان ساف و بێ‌لۆچ و قەدکراو دێت (هەژار، ١٣٦٩: ٣٢٤). لە ڕاستیدا پێناسەی شێوەکانی دەق هەمەجۆرن؛ لە وانە برینکر دەڵێت «بە دوایەکدا هاتنێکی پەیوەستداری لە ڕستەکانە» (شبلنر، ١٩٨٧: ١٨٨). هەروەها لە ڕوانگەی ناوەڕۆکیشەوە دەڵێت «کۆمەڵێک دۆزی ڕێکخراوە و پەیوەندی لە سەر بنەمای چەقیەتیی بابەت و ڕستە دروستدەکات» (بیجری، ١٤١٣: ١٠٨). هاروج پێی وایە دەق «پەیوەستدارییەکی بەردەوامی وشەسازیی دەقە» (بیجری، ١٤١٣: ١٠٦)؛ واتە ئەو ڕیزبەندییە وشەییەی کە بەهۆی یاسا ڕێزمانییەکەوە لێکدەدرێت و دەق بەرهەم‌دێت. هالیدای دەڵێت: «هەموو بەدوایەکدا هاتنێک لە ڕستەکان، پەیوەندی دروست‌دەکات» (خەتابی، ١٩٩١: ١٣٢).

لە ڕوانگەی ڕوخسار و ناوەڕۆکیشەوە بریتییە لە «هەموو گوزارشتێک کە ڕستە دەریبڕێت، یان لە سەر کۆمەڵێک پەیوەندی وەستابێت» (ئەلحەناش، ١٩٨٠: ٣٧٦). لەگەڵ ئەمەشدا دەقی ئەدەبی دیاردەیەکی زمانەوانییە و بەپێی بارت بونیادێکی داخراو نییە لە ماناکان و زۆر لێکدانەوە و ڕاڤە هەڵدەگرێت و تەنها دەقیش قسە دەکات و نووسەر بەرهەمهێنەری دەقە و دوای بەرهەم‌هێنانیش، پەیوەندییەکەیان دەپچڕێت. لێرەوە مردنی نووسەر و لەدایک‌بوونی خوێنەری ڕاگەیاند؛ بۆیە دەق گوزارشت لە خاوەنەکەی ناکات و مادەیەکی بەرهەم‌هاتووە و کارێک لەگەڵ خوێنەردا دەکات، بەپێی حەز و خواستەکان (ئەلسەعدەنی، ٢٠٠٠: ١٩). دەبێت ئەوەش بڵێین لە ڕاستیدا دەق گوزارشت لە بیر و هەست و هتدی نووسەر دەکات، بەڵام تەنها لە کات و ساتی نووسینی دەقەکەدا و بیرکردنەوەی نووسەر، نەک بریتی بێت لە نووسەر. بۆ خوێنەریش بە هەمان شێوە بریتییە لە خواست و توانستی لێکدانەوەی خوێنەر لەو کات و ساتەی خوێندنەوەکەدا؛ چونکە بۆ هەر دوو حاڵەتەکە بەپێی گۆڕینی کات و سات و توانستەکان، ئەوانیش دەگۆڕێت. یاکۆبسن دەڵێت «دەقی ئەدەبی بریتییە لەو دەقەی کە لە دەقەکانی تر جیا دەبێتەوە، بە ڕەچاوکردنی توانای زمانی؛ واتە دەقێکە بەها ئێستاتیکی و ئەدەبییەکانی زمان لە کارنامە شیعرییەکاندا لە خۆ دەگرێت» (خەلیل و سەمادی، ٢٠٠٩: ١٣)؛ یا خود دەق «وتەی زمانییە و لە خۆیدا شتەکانی هەڵگرتووە» (فەزل، ١٩٩٢: ٢٣٢).

کۆنتێکست بە مانا تەقلیدییەکەی، وەک ئۆلمان دەڵێت: «بریتییە لە ڕێکخستنی دەربڕاوی وشە و هەڵوێستی لەو ڕێکخستنە» (١٩٩٧: ٥٧). بەپێی شریف الجرجانی، دەق ئەوەیە کە ڕوون بێت و بە ڕووکەشی مانایەک بدات و وتەکەش بەرەو ئەو مانایە بەرێت، کە دەیبەخشێت، یان ئەوەیە کە جگە لە مانایەک یان ڕاڤەیەک لە خۆ ناگرێت (ئەلزوبەیدی، ٢٠٠٨)؛ یا خود دەق سەرچاوەیەکە دەلالەت لە دەرخستنێک، یان دەقێکی دیار، یان دەربڕاوێک دەکات و لەگەڵ ئەوەشدا هەموو وشەیەک دەلالەت لە مانایەک دەکات. «کۆنتێکست لە ڕەخنەی کۆنیشدا ڕەگەزێکی هاوبەشی نێوان ڕەوانبێژی و ڕەخنە بووە» (عیسا، ٢٠٠٤: ٧). پەیوەندییەکانی نێوان کەرەستەکانی دەق، بە

www.SID.ir

Archive of SID

درێژایی مێژووی تێکست بوونی هەبووە و ڕۆڵی گێڕاوە لە گەیاندنی مانای جۆراوجۆر. هەروەهاش، ئەم شرۆڤەیەی خوارەوەمان لە بەردەستدایە و بەو پێیە:

> پەیوەندیی کۆنتێکست و دەق لەوەدایە کە کۆنتێکست جیاوازی لە نێوان دەقی ئەدەبی و هیی تر لە قسەی ئاسایی دەکات، ئەویش لە ڕێگەی یەکگرتنەوە؛ چونکە هەموو دەقێک دەبێت یەکێتی و یەکگرتنێکی لە نێوان دەقەدا لە ناوخۆ و ئەو کۆنتێکستەی کە بەشەکان بە یەکەوە دەبەستێت هەبێت، ئیدی لە ڕێگەی پێکهاتە زمانییەکەوە، یان لە ڕێگەی کۆنتێکستی دەرەکیی دەقەکەوە بێت. (ئەلغەویل، ۲۰۱۱: ٤١)

دواتر، لە هەمان سەرچاوەدا ڕووبەڕووی ئەم گوزارەیە دەبینەوە کە «دەق کوڕی کۆنتێکستە». لەگەڵ ئەمەشدا، دەق کار لە پێگەی کۆمەڵایەتی دەکات. بە پێچەوانەشەوە دەبێت؛ ئەمەش بە هۆی درکپێکردنی بەکارهێنەرەکەی، یان خوێنەرەکەوە. چونکە کاتێک خوێنەر ڕاڤەی واقیعی کۆمەڵایەتی دەکات، ئەوا پاڵنەرێک بەرەو ئەنجامی دەقەکەی دەبات، لەگەڵ تێگەشتن لە دەق لە ڕێگەی بۆچوونەکانیەوە.

### ١-٢- چەمک و پێناسەی کۆنتێکست


بە پێی فەرهەنگی *Petit Larousse* کۆنتێکست ناوێکی لاتینییە بە واتای کۆی دەق دێت، کە ڕستە یان کۆمەڵێک وشە دەیگەیێنن (لاروس، ١٩٨٤: ٢٥٥). تێکست لە لاتینیدا بە مانای «چنین» بەکارهێنراوە؛ هەندێک بۆ نووسین و هەندێکی تر بۆ شیعر یان پەخشان بەکاریدەهێنن. بەڵام بەپێی وتەی میکرۆ ڕۆبێرت، «کۆنتێکست کۆی دەقە، کە بە ڕەگەزی زمانی دەورە دراوە، لە پێناو تێگەیشتنێکی باشتردا» (١٩٨٢: ٢٢٠). هەروەها «بریتییە لەو ڕێڕەوەی کە ڕێکەوت لە نێوان قسەکەر و گوێگردا هەیە و هۆکارە بۆ ئاشکراکردنی مانای وشەکان» (ئەلغویل، ٢٠١١: ٤١). یا خود کۆنتێکست «بریتییە لە ژینگەیەکی زمانی، کە بە وشە، یان دەستەواژە، یان ڕستە دەورە دراوە و پشت بەکۆنتێکستی کۆمەڵایەتی، هەڵوێستی ... دەبەستێت» (عیسا، ٢٠٠٨: ١١١). ئەوەشمان لە بەردەستدایە کە کۆنتێکست یان بەستێن «کۆمەڵێک بارە کە دەوری قسەکردنی داوە» (خەلیل، ٢٠٠٧: ٨٢). کۆنتێکست ئەو مانایە دیاری دەکات کە هەندێک دالەکان دیاری دەکەن؛ چونکە هەندێکی تریان وەلادەنرێت، یان کۆی دالەکان لە یەک کاتدا. بێجگە لەمەش، هەندێ جار وشەیەک دەتوانێت ڕۆڵی کۆنتێکست ببینێت.

کۆنتێکست کۆمەڵێک تێکستە، کە یەکەیەکی پێکهاتەیی دروست دەکەن و مانایەک دەدەن بە دەستەوە. لە پاڵ ئەمەشدا، کۆنتێکست ژینگەیەکی زمانییە و لە ناو ژینگەیەکی زمانەوانیدا، ئیدی وشەیەک بێت یان ڕستە لە چوارچێوەی ڕەگەزە زمانەوانییە کە، یان نازمانییەکەدا. هالیدەی ئاماژە بەوە دەکات «کۆنتێکست دەقێکی ترە، یان دەقی هەواڵی دەقە بینراوەکەیە، وەک پردێک وایە کە لایەنە زمانەوانییە کە بە ژینگە دەرەکییەکەوە دەبەستێتەوە» (ئەلتەلحی، ١٤٢٣: ٥١). «کۆنتێکست ژینگەی قسەکەیە، لەگەڵ ئەوەی چواردەوری داوە» (فەتحی، ١٩٨٦: ٢٠١). «کۆنتێکست چەمکێکە ئاماژە بە کۆمەڵێک هۆکار دەکات و کاریگەریی دەبێت لە سەر ئاڕاستەی دەق، چ لە ڕووی ڕوخسار یان ناوەرۆک، ئیدی کۆنتێکستەکە ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و هتد بێت» (حیجازی، ٢٠٠١: ٤١).

www.SID.ir

Archive of SID

لە سەرەتادا و بەر لە زانستی زمان، یان زانایانی زمانەوانی، ڕاڤەكارەكان بایەخیان بەكۆنتێكست داوە و بە هۆكارێكی گرنگی لێكدانەوەی دەق و یەكلاییكردنەوەی ماناكانیان داناوە. بێجگە لەمەش، كۆنتێكست لە زانستی واتاناسییەوە لە دایك بووە، كە بنچینەكەی زانستی زمانەوانییە. هەر بۆیە لە ساڵی ١٩١٦دا و بە بڵاوبوونەوەی كتێبی *چەند وانەیەك لەسەر زمانناسیی گشتی* سۆسێر، لە لایەك دەنگدانەوەیەكی باشی لە زانستی زمان هەبووە، لە لایەكی تریشەوە جیاوازیی دروست كرد لە نێوان ڕێبازی لێكۆڵینەوەی وەسفی و مێژووییدا؛ بەمەش زانستی نوێی زمانی سەری هەڵدا و وەسفی ڕێباز و بونیادی زمانی بە ئامانج و مەبەست دەزانی (ئەلحەناش، ١٠٤١: ١٠١). ئەم كتێبەش لە سەر چەند ڕەگەز و بنچینەیەكی دووانەیی وەك «زمان و وتن، هاوكاتی و ناوكاتی، كۆنتێكستی و ئیحائی، دال و مەدلوول» لەگەڵ پەیوەندیی هەریەكەیان بەوەی تر و دەرەوەی پێكهاتووە (ئەلروباع، ١٤٠٦: ٢٥). لەم سۆنگەیەشەوە، یەكتربڕی ئاسۆیی و ئەستوونی دروست كرد، لە سەر بنەمای پەیوەندیی كۆنتێكستی و ئیحائی (ئەلحەناش، ١٤٠١: ٤٠).




«پەیوندییەكان و جیاوازییەكانی نێوان ڕەگەزەكانی زمان، لە نێوان دوو بازنەی جیاوازدا دەخولێنەوە و هەر یەكەشیان جۆرێكی دیاریكراوی بەها بەرهەم دەهێنێت» (سۆسێر، ١٩٨٥: ١٨٦). ئەم دوو بازنەش لەگەڵ وێنەی چالاكیی زەینی دەگونجێت، كە بریتین لە بازنەی پەیوەندیی كۆنتێكستی و ئیحائی. پەیوەندیی كۆنتێكستی پەیوەندییەكی ئامادەییە لە سەر دوو ڕەگەز یان زیاتر وەستاوە (١٨٦). سۆسێر پێی وایە «چەمكی كۆنتێكست لە سەر تاكە وشە جێبەجێ نابێت؛ بەڵكوو لە سەر كۆمەڵێك وشە و یەكەی تێكەڵ، ئیدی چەندێك درێژ بێت، یان هەمەجۆری وشە و بەشەكانی ڕستە و ڕستەی تەواوبن» (١٨٦). هەروەهاش، ئەو كۆنتێكستەی كە مانای وشەكە دیاری دەكات، كۆنتێكستی زیهنییە؛ دواتر پەیوەست دەبێت بە زمانەوە، نەك قسەوە. بەمەش لەگەڵ سۆسێر جیاوازە؛ چونكە لای سۆسێر جارێك ڕەگەزی زمان، جارێك ڕەگەزی قسەكردنە.

بەڵام پەیوەندیی ئیحائی لە نێوان ژمارەیەك ڕەگەزدا، كە بە شێوەیەكی نائامادە (غیابی) كۆ دەبێتەوە، لە ئارادا نییە، جگە لە بیردا نەبێت كە لە ناو زنجیرەیەكی خەیاڵیدا كە بە زۆر ئامادە كراوە و دەرفەتەكەی لە یادەوەری دایە (١٨٦). «هەموو وشەیەك دابڕاو نییە، بەڵكوو لە زیهندا تۆمار كراوە، لەگەڵ هەموو حاڵەتەكانی كۆنتێكست» (بوركاوی، ٢٠١٤: ٣١). واتە، ئەوەی تۆمار كراوە لە زیهندا قسە نییە، بەڵكوو زمانە. لە كتێبی *تیۆریی زمان* كە لە ساڵی ١٩٣٤دا بڵاو كراوەتەوە، بوهلر كارنامەی هێمای زمانەوانیی چارەسەر كرد و لە وتەیەكدا كە كورتەكەی بریتییە لەوەی كە ئامرازی هەر یەكەیان كارنامەی تایبەتی خۆی هەیە و بە جیاوازییان، جیاوازیی تایبەت بە خۆی دروست

www.SID.ir

Archive of SID


دەکات، لێرەوە تیۆرییەکەی بە تیۆریی هۆکار، یان ئیرادە ناسرا. بە پێی ئەم تیۆرییەش هێمای زمانەوانی یەکێک لەم کارنامانەی هەیە:

١- کارنامەی گوزارشتکردن سەبارەت بە قسەکەر؛

٢- کارنامەی وەڵامدانەوە سەبارەت بەگوێگر؛

٣- کارنامەی ڕوون کردنەوە سەبارەت بە بەشێک گوزارشتی لێ دەکات.

بەدەر لەمەش، یاکۆبسن لە هێڵکارییەکی تایبەتدا ئەم کارنامانەی دیاری کردووە. لە ناو ئەم کارنامانەشدا کۆنتێکست گرنگی و بایەخی خۆی هەیە. بۆیە کۆنتێکست بە هەمان شێوە، کارنامەی زمانییە و زمان ئەدای دەکات.




کۆنتێکست دەبێتە کارنامەیەکی سەرچاوەیی بۆ بیسەر و سەرچاوەیەکی گوزارشتی بۆ نێرەر (زەیفوڵڵا، ١٤٢٤: ١٧٧)، چونکە کۆی پەیامەکە لەم کۆنتێکستەدا جێ دەکاتەوە و مەبەستەکەی دەگەیەنێت، یان هۆکارە بۆ تێگەیاندنی ئاشکرا و نائاشکرای بەرامبەر.

مالینۆفسکی (١٨٨١-١٩٤٢)، زانای مرۆڤناسیی کۆمەڵایەتی، هەوڵیدا وشەی سەربەخۆ و ڕستەی دابڕاو لە یەکێک لە زمانە سەرەتاییەکان وەربگێڕێت بۆ ئینگلیزی. لەگەڵ ئەوەی وشەکان مانایان هەیە، بەڵام لە بەستێن و کۆنتێکستدا بە هەمان شێواز وەک یەکمانایی دەمێنێتەوە، بۆیە زمانی زیندو بوونی نابێت، ئەگەر مامەڵە لەگەڵ ئەم زمانە مردووانەدا بکات، چونکە لە کۆنتێکستی دادەماڵێت. مالینۆفسکی لەبارەی کۆنتێکستەوە دەڵێت «وتە و هەڵوێست پەیوەستن بە یەکەوە و لە یەکتری دانابڕێن، کۆنتێکستیش هەڵوێستێکە دەستی لێ هەڵناگرێ، لە پێناو تێگەیشتنی دەربڕاوەکان» (عیزەت، ١٩٧١: ٢٢). کۆنتێکست پەیوەست دەبێت بە ژینگە و فەرهەنگ و ئاستی ڕۆشنبیری و سروشتەوە. فیرت پێی وایە کۆنتێکست هەڵوێستە و ئاڕاستەیەکی پراگماتییە و دەوروبەر ڕۆڵی هەیە لە سەر مانای کۆنتێکستی. ئەم کۆنتێکستی هەڵوێستەی کە فیرت باسی دەکات، بریتییە لە «ڕێکخستنی وشەکان و جۆرێک لە پەیوەندیی نارێزمانی لە نێوان وشەکانی ڕستەدا دروست دەکات؛ بەم پێیەش ڕێکخستن بریتییە لە پەیوەندیی لەخۆوەی وشەی زمانێک لەگەڵ وشەکانی تردا» (عومەر، ١٤٠٢: ٧٤).


تیۆریی کۆنتێکست بەردی بنچینەی قوتابخانەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییە، کە فیرت-ی بەریتانی داینا و قوتابخانەی لەندەن بە پەیڕەوی کۆنتێکستی ناسرا، کە تێیدا جەختی لە سەر

www.SID.ir

Archive of SID


کارنامەی کۆمەڵایەتیی زمان دەکردەوە (٧٤). بۆیە لە سەر بنەمای ئەم بنچینەیە، ئەگەر تیۆریی کۆنتێکست بە زانستی (حکمە) جێبەجێ بکرێت، ئەوا بنچینەی سەرەکیی زانستی مانایە؛ واتە کۆمەڵێک سیمای تێگەیشتنە و بە پێی بونیاتی تایبەتی مانا، نیشانە دروست دەکات (براکێک، ١٩٧٤: ٤٣). بەم شێوازە:

١- مەبەست لە قسەکردن، نووسین: هەر کەسێک مەبەستی قسەکەر، یان نووسەری زانی، ئەوا دەتوانێت دوای خواست و ماناکەی بکەوێت.




٢- زانینی حاڵی قسەکەر: هەر کەسێک قسەکەری ناسی، بە ئاسانی دەتوانێت لە پەیامەکەشی بگات.

٣- زانینی حاڵی گوێگر: دەبێت زمانی بەرامبەر بزانیت، لە پێناو گەیاندن.




## ١-٣- گرنگی و پێگەی کۆنتێکست

لەبەر ئەوەی کۆنتێکست بووەتە یەکێک لە کارنامەکانی زمان و ڕۆڵی هەیە لە سەر مانا و مەدلوولەکانی دەق، بۆیە گرنگی و بایەخی خۆی هەم لە سەر دەق، هەم خوێنەر هەیە، بە پێی کات

www.SID.ir

Archive of SID

و سەردەمە جیاوازەکان. سەبارەت بە بایەخ و گرنگیی کۆنتێکست و بەهاکەی، سۆسێر دەڵێت «ئەگەر وشە بخرێتە کۆنتێکستێکەوە، بەها وەرناگرێت، مەگەر بە هۆی ئەوەی لەگەڵ ڕابردوودا، یان لە داهاتوو، یان لە هەر دووکیان یەکدەگرێت» (١٩٨٥: ١٨٦). وشەکان لە ڕێگەی وشەکانی تر و بە پێی کات و سەردەمەکان و لە ناو ڕێڕەوی کۆنتێکستدا ڕۆڵ و بایەخیان دەردەکەوێت. جورج ڤیندرس باسی لە گرنگیی کۆنتێکست کردووە و پێی وایە کۆنتێکست یان بەستێن و تەنراوە چەندمانایی یان کارنامەیی ناهێڵێت؛ بەو پێیەی دەبێتە هۆکاری یەکلاییکەرەوە و دیاریکردنی مانا و دەڵێت «وشەیەکە لە یەککاتدا چەند مانایەکی هەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە، تەنها ئەو مانایەیە کە کۆنتێکستەکە مەبەستیەتی» (٢٣٨). هەروەها دەڵێت «ئەوەی لە هەموو حاڵەتەکاندا بەهای وشە دیاری دەکات کۆنتێکستە؛ چونکە وشە چەندین جار و لە باری جیاوازدا بەکاردێت و مانای کاتی دەبەخشێت، بەڵام ئەوە کۆنتێکستە بەهایەکی بە سەردا دەسەپێنێت، سەرەڕای ئەو مانا هەمووجۆر و جیاوازانەی کە دەیگەیەنێت. بەستێن وشە ڕزگار دەکات لە ماناکانی ڕابردوو، کە لە یادەوەریدا کەڵەکە بوون؛ هەروەها بەهای ئێستایی بۆ دەستەبەر دەکات» (سۆسێر، ١٩٨٥: ١٨٦). هەروەها دەڵێت «هەموو وشەیەک لە کاتی بەکارهێنانیدا بە بەها کاتییەکەی دەوڵەمەند دەکرێت» (ڤیندریس، ١٩٨٥: ٢٣١).

لای ڤان دایک بەکارهێنانی زمان بەدەستهێنراوێکی تایبەت نییە، بەڵکوو بەشێکە لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکە، چونکە لە کاتی بەکارهێنانیدا کار لە سەر زمان دەکرێت؛ بۆیە گرنگیی بە کۆنتێکست داوە. بەگشتی، کۆنتێکست ڕۆڵ و پێگەی لە سەر مانا و گەیاندنی مەبەست بەرامبەر هەیە، لە وانە:

١- دیاریکردنی مانای مەبەستداری وشە لە ڕستەیەکدا، چونکە لە دەرەوەی کۆنتێکستدا مانای نییە؛

٢- وتراوە «بۆ هەموو پلە و پێگەیەک وتەیەک هەیە»، لە بنچینەدا بۆ کۆنتێکست بەکارهاتووە؛

٣- بە وردی دیاریکردنی ماناکان و بەهای وشەکان؛

٤- کۆنتێکست بەردی بناغەی زانستی مانایە؛

٥- دابەشکردنی ڕۆڵ و ماناکان و هەستکردن بە گرنگیی کەرەستەکان لە ڕستەدا.

### ٢- جۆرەکانی کۆنتێکست لە دەقی شیعریدا

بەگشتی کۆنتێکست، بەستێن یاخو تەنراوە چەند ئاراستە و جۆری لێبەرهەمدێت. جۆرەکانی کۆنتێکست لای ڤان دایک (٢٠٠٠: ٢٢٧) بریتین لە:

#### ٢-١- کۆنتێکستی پراگماتیکی

بە پێی ئەم جۆرە کۆنتێکستە، سەرکەوتنی کار و مەبەست، تاکە پێوەری خستنەڕووی ڕاستییەکانە، بۆیە ئەو مانایەی کە لە ڕێگەی کۆنتێکستەوە بەرهەم دێت، مانایەکە لە ڕاستی و مەبەستەوە نزیکە. ڤان دایک پێی وایە پێویستە لە ڕوانگەی کارنامەکانییەوە کار لە سەر زمان بکەین، بۆیە ئەم جۆرە بەستێنە گرنگە بۆ لێکدانەوەی دەق وەک کردارێکی قسەیی، یان زنجیرەک لە کرداری قسەیی، کە کەسێک پێیهەڵدەستێت. بۆیەش ماناکان لەو ژینگە کۆنتێکستەوە بەرهەمدێت کە دەیگەیەنێت.

www.SID.ir

Archive of SID

واتە، ئەو فەزا و بارەی کە کۆنتێکستەکە بەرهەمی دەهێنیت، مانای خۆی هەیە و کاریگەری لە سەر لێکدانەوەی دەقەکە دەبێت. بۆ نموونە شێرکۆ دەڵێ:

بەیـــــــانیت بـــــاش!
مـــن نـــــاوم بولبولـــــه
خەڵکـــی ئەم باخچەیــەم
دەمێکــە باخــەوانێکی تووڕەمــان لێ‌پەیدابــووە
نـــە گـوڵـــــێ، نـــە دارێ، نـــە مـەلــــێ
بێ‌ئـــاگـــا بـــــوون چـــۆن هـــــاتــــووە و
کێ کردوویەتی بە باخەوان
بێجگـــە لـــە خـــــۆی
باخـــەوانی لـەخـــۆبـایی
نـاهێڵـــێ بـــە دڵـــی خـــۆم بخــوێنمـــــــ
ئەڵێ تۆ فڕینت شوومــە و گۆرانییەکــی لاسـاری
ئەڵێ تۆ بەقەد ڕیقنەیەک ڕێزی نیشتیمان ناگـری
(٢٠١١: ١٥)

شاعیر لە ڕێگەی چەند ئاماژەیەکەوە ئەوەمان پێ دەڵێت کە چەند حزب یان کەسێک خۆیان کردووەتە خاوەنی ئەم باخچەیە (هەرێم) و بە پێی پێوەر و خواست و حەزەکانی خۆیان، بڕیار لە سەر چارەنووسی خەڵکی دەدەن؛ بە شێوازێک ڕێگە بە ژیانی سروشتی و ئاسایی نادەن؛ بۆیە بەردەوام لە پێناو مانەوەیان، بیانووی جیاواز و پاساوی جیاواز بۆ تاوانبارکردنی بەرامبەر دەهێننەوە؛ لە پێناو مانەوەی وەک هاووڵاتییەکی ژێر ڕکێفی فەرمان، هەر هەڵوێست و کارێک جیاواز و پێچەوانەبێت، لەگەڵ حەزەکانیان بە تاوانی جیاواز تاوانباری دەکەن. هەروەها دەڵێت:

من گوێم لێیە
لێرە خاک نرکەنرکێتی و ئەناڵێنــێ و
ئـەوەنــــدەیـــان لـــێ‌دزیــــوە
لــەم ســەرەوە
هـــەتـا ئەوســـەری فیـــدڕاڵــی
هـــەموو جەستــەی کوناودەرە ...
(٣١)

نرکە و ناڵینی خاک، ئاماژە بە هەڵکەندن و بڕینی سامانی ژێرزەویی کوردستان، دوا جار عێراقە. وڵاتیان هەڵکۆڵی و هەرچی نەوت و کانزای ژێر زەوی هەیە، بە تاڵان براوە. ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت کەسێکی نیشتیمانپەروەر و دڵسۆز لەم وڵاتەدا نییە و ئەوەی هەیە بەرژەوەندخوازە و لە پێناو خۆیاندا ئامادەن نیشتیمان بکەنە قوربانی. بەستێن یان کۆنتێکست مانایەکی تر، کە مەبەستی

www.SID.ir

Archive of SID

شاعیره، به خوێنەر دەبەخشێت؛ بەوەی کاراکتەرە سیاسی و نیشتیمانییەکان بوونەتە دزی مۆدێرن.
یا خود دەڵێ:

ئــەم کاتەتـــان بــاش
من جوانووەیەکی بێکارم
خەڵکـی کــەرکووکمــ
کـوڕی نەوت و گازم و کـوڕی ئەو هەمـوو بۆری و چاڵانە
بەڵام ئـەوەی بـەرێکـەوتیش نــەیانبینم ئەو باوکانــەن
لــەبـــەر ئـــەوەی بـــەردەوامیـــش ئـــەسوورێمـــەوە
لــە هەمــوو کەسێکـی دی زیاتـر نیشتیمان ئەبینمــ
بــــەڵام دواجــــــــار
هەمـــوو حیلـــە و کـــورڕنەکـــانمـــ بە با چـــوون و
هەمـــوو سمکـــۆڵەکـــانمـــ گـــەرگـــەسان بـــوون و
ئـــەم نیشتیمـــانـــە پیـــرۆزە گـــوێی لێمـــ نەبـــوو!
(۳۹)

کۆنتێکست و تەنراوەی ئەم کۆپلەیە ئەوەمان پێ دەڵێت کە دانیشتووانی کەرکووک لە سەر نەوت و بە بۆنی نەوت و گاز گەورە دەبن، بەڵام تەنها دەزانن و دەبیستن کە هەن؛ ئەگەرنا ئەم سووتەمەنیانە جگە لە سەرئێشە، هیچ سوودێکی بۆ دانیشتووانەکەی نەبووە و چەندێک خەون و خولیایان لە سەر بنەمای ئەم سامانە هەڵچنێت، بەڵام بێ‌سوود بوو. چەندێک هاواریان کرد لە بەرامبەر ئەم زوڵمە سودی نەبوو؛ چونکە ئەو کەسانەی کە لە بەرگی نیشتیماندا خۆیان دەردەخەن، جگە لە بەرژەوەندیی خۆیان هیچی تریان نەدەبیست و نەدەدی. بە ئاشکرا دەڵێت دزی لە بەرگی نیشتیمانپەروەر، دەستی خستۆتە قوڕگی هاووڵاتیانی کەرکووک و بە درێژایی مێژوو زوڵمیان لێ کراوە. هەر بۆیە، مەگەر لە میدیاوە ئەمانە ببینین؛ چونکە خۆیان دەزانن چیان کردووە و چیان پێشکەش کردووە؛ بۆیە ناتوانن لەگەڵ خەڵکیدا بژین. کۆنتێکستی شاملوو دنیابینییەکی ترە؛ وەک دەڵێت:

در نیســــــــت
راه نیســــــــت
شـــب نیســــت
مـــاه نیســــت
نـــــــــه روز و
نـــــــــه آفتاب
مـــا بیـرون زمـــان
ایســتـــادەایمـــ
با دشنه‌ای تلخی

www.SID.ir

Archive of SID

در گردەهایمـــان
هیـــــــــچ کس
بـــا هیـــــچ کس
سخن نمی‌گویـــد
کـــــه خــــاموشی
به هـــزاران زبـــان
در سخــــن است
(١٣٨٤: ٦٧٩)

بە پێی ئەم دەقە، شاعیر دەیەوێت پراکتیکی ئەو حاڵەتانەی مرۆڤ بکات، کە لە ناخیاندا هەڵیان‌گرتووە و دیوی بەرزەخودی مرۆڤەکان بەرجەستە بکات، کە ئێمە لە دەرەوەی زەمەن ژیان دەکەین و ڕواڵەتمان لە ناخمان جیاوازە و کەس هاوکاری ڕاستەقینەی ئەویدی نییە؛ کاتێک کار دەگاتە خاڵی بنبەست کەس ئاوڕ لە کەس ناداتەوە؛ ئەو کاتەش کە بێدەنگ دەبیت، هەزاران کەس هەیە بۆ ئەوەی لە پشتەوە بوەستن و قسەیان هەبێت بۆ گوتن.

در مردگـــان خــــویش
نظـــــر می‌بندیمـــــــــ
با طـــرح خنـــــده‌ای
و نوبت خـــود را انتظار می‌کشیمـــ
بی هیـــچ خنـــــده‌ای
(٦٧٩)

بەستێن یان کۆنتێکستی ئەم بەشە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین، جیاوازە و بەشێکی زۆری ژیان و زیندەگییان لە چاوەڕوانیدا بە سەر دەبات بە بێ هیچ خۆشییەك و ئەوەندەی بەبیر و باوەڕی ڕابردوو و یادەوەری مردووەکانی دەژی، نیوئەوەندە بە فکری ئایندە نییە و بۆ داهاتوو ناڕوانێت و ئومێد بە ژیان و داهاتوو هەڵناچنێت.

### ٢-٢- کۆنتێکستی تێگەیشتنی

ئەم جۆرە پشت بە تێگەشتنی دەق دەبەستێت، بەو پێیەی خوێنەر دەبێت وشە و ڕستەکان بە ئاسانی تێگەیشتبێت؛ واتە کۆنتێکستی تێگەشتنی، کە وا دەکات لێکدانەوەکە پشت بە زانیاریی پشتەوەی دەق ببەستێت، لە ڕێگەی بونیادی ڕووکەشی دەقەکەوە. ئەمەش پشت بە باکگراوندی زانیاری و مەعریفی کەسەکە دەبەستێت؛ چونکە هاوکاریی دەکات لە تێگەیشتنیدا. وەک شێرکۆ دەڵێت:

مـــن خــــۆم ڕۆژ بـــوومـــ
بەڵام پریان کردم لە شەو
مـــن خــــۆم گۆمیلکـەی نێرگــز بــــوومـــ
پریان کـــــردم لە پیرێتی و پووش‌وپەڵاش

www.SID.ir

Archive of SID

مـن بــۆ خـــۆم ئێستـــە و ئاینـــدەمـــ
کەچی سواری مێژوویەکی کۆنیان کردمـــ

قەڵغــانێک و شمشێرێکـی
ژەنگاوییــان دایـە دەستمـــ
بردیانمـــەوە بـەرەو قـەڵای
تامـــارەکـانـــی ڕابـــردووم
(۲۱)

شاعیر دەیەوێت بڵێت من لە ژیانێکدا دەژیام، بڕوام بە خودی ژیان هەبوو، هەر بۆیە هیوا و ئومێدم هەبوو؛ بەڵام ئەم بارودۆخە وای لێ‌کردم ژیان بە جەهەنەمێک بزانم. جگە لەمەش، شاعیر لەگەڵ ئەوەی پڕە لە هیوا و ئومێد و دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە، لە ڕێگەی گۆڕانی بەردەوامەوە جیاوازتر لە ڕابردوو بژی، کەمێ درک بەوە دەکات، لە ئەنجامی کارلەسەرکردن و هاندان و ڕابەرایەتی‌کردنی، تەواوی ژیان و ڕوانینەکانیان پێچەوانەتر کردووەتەوە. بۆ کۆی ژیان لە ئاسۆ و هیواوە گۆڕاوە بۆ بێ‌هیوایی و نائومێدی. بێجگە لەمەش، ژیانی بە پێی قۆناغەکان گۆڕاوە و دەبێت هەمووان ژیانێکی دابڕاو، بێ‌حەز و خواست بژین. بەهۆی ئەو هەنگاوە هەڵانەی کە لەو ماوەیەی ڕابردوودا ناویانە و لە پێناو شاردنەوەی ئەم شکستانە، هاووڵاتی ناچار دەکەن بەم شێوازە بژین. ئەو بەڵێنانەی کە دراون، ئەو خەباتەی کە کرا، پێچەوانەی ئەو دەرئەنجامەن کە ئێستا هەن. بۆیە ئەم دووانە لێکدژە وای لە شاعیر کردووە بەتەواوی ڕەشبین و بێ‌هیوابێت و ژیانی لێ ببێت بە تاریکستان. هەروەها دەڵێت:

لە سەر جـادەی سەهۆڵەکـە ڕاوەستاوم
سیدیە تازەکەی نیشتیمان بەدەستمەوە و
بایــەک بـە چرپـە پێم ئەڵێ:
کە نیشتیمان ئیشی پێت بوو
خـــۆی دێـــت بـــــۆ لات
هەر ئەو کاتەیش زەردەخەنە ئەیگـرێت و
دێتە پێشێ و ماچت ئەکات!
وەختێ کە ئیشی پێت نەمـا
ئەگەر خوداش لە بەینابێ و
تکـاکـــــــار بـــــــــێ
نـایـــــــــەت بـــــۆ لات!
(٤٣)

نیشتیمان بریتییە لە وانەی دەیان‌ناسین و بەڕێوەی دەبەن. ئەو کەسانەش کە نۆزدە ساڵە ئەزمونییان هەیە، تەنها ئەو کاتەی کە پێویستیان بە هاووڵاتیان هەیە، دێنە لایان و لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیان بەکاریان دەهێنن؛ ئیدی لەو کاتانە زیاتر هیچ هاووڵاتییەک ناتوانێ

www.SID.ir

Archive of SID

بیان‌بینێت؛ باکیان بە هاووڵاتیان نامێنێ. دەیەوێت بڵێت سیاسییەکان و دەسەڵاتدارەکانی ئەم نیشتیمانە، نە سیاسین، نە نەتەوەیی و نیشتیمانی؛ بەڵکوو بەرژەوەندخوازن و لە بەرگی نیشتیماندا مرۆڤەکان بەکار دەهێنن. ئەمەش ڕوانینێکی نێگەتیڤی شێرکۆیە، هەم بۆ کاراکتەرەکانی شاخ، هەم بۆ هاووڵاتی؛ بۆیە دەڵێت:

لـە ئێستـــەدا دەموچـــاوی نیشتیـمـــان
لـە دەموچاوی پەنجەرەیەکی چڵکن ئەچێ
کـــــە بـەردەوامــــ داخـــــرا بــــێ و
گـرژ و مـۆن و ساڵی جارێک پێنەکەنـــێ!
(٦٧)

ئەحمەد شاملوو دەیان دەقی جۆراوجۆری واتایی هەیە و لە ڕوانگەی ئەو بارودۆخە سیاسی و گۆڕانکارییە گەورانەی کە لە ژیانیدا بینوویەتی، کاریگەریی زۆری لە سەر هۆنراوەکانی هەبووە و دەتوانین بڵێین هیچ ڕووداوێکی گەورە نەبووە لە ژیانیدا کە هۆنراوەی بۆ نەنووسیبێت؛ بە تایبەتی ئەو دەقانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ژیانی کۆمەڵایەتیی ئاشتیانەی خەڵکەوە هەیە و ویستوویەتی لە ڕێی شیعرەکانییەوە خەڵک خەمەکانیان وەلابنێن و ڕوو بکەنە ئاشتی و، خەندە بۆ ژیانیان بچڕن. وەک خۆی دەڵێت:

امـا آن
که در برابر فرمـــان واپسین
لبخنـــد مـي‌گشـایــــد
تنهـــا
مي‌تواند لبخنــــدی باشد
در بـرابـــــــــر آتـــش
(٦٨٥)

خوێنەر لە دیوە ڕووکەشەکەی ئەم دەقە وا تێدەگات کە ئەمە دەقە شیعرێکی سادەیە و گوزارشتێکی بچووکە لە سەر خەندە و خۆشی، بەڵام ناوەڕۆکی دەقەکە ئاماژەیە بۆ هەموو ئەو جەنگ و نەهامەتیانەی کە ڕوو دەدەن و هەموو ئەو شتانە لە خۆ دەگرێت کە مرۆڤ دڵتەنگ دەکەن. بەڵام ئەوەی دەتوانێت بەر بەم تەنگ و بارودۆخەی مرۆڤەکان بگرێت، تەنها بزەی سەر لێوەکانە و دڵخۆشی و گەشبینییە؛ دواجار گەشبینی هۆکاری یەکەمی کۆتاییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەکانی تەحەدییەکانی ڕۆژگار. شاعیر بە پێی تێگەیشتنی خۆی ڕاستەخۆ ئاماژەی بەم بابەتە نەکردووە؛ بەڵکوو هاتووە لە ڕێی خواستنی بابەتێکەوە بابەتێکی ئاماژە پێ کردووە، کە دواجار خەندە دەبێتە نیشانەی ئاشتی، لابەری خەمەکانە و لێبوردەیی بە دوای خۆیدا دەهێنێت.

www.SID.ir

Archive of SID

## ٢-٣- کۆنتێکستی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی[١]

ئەو جۆرە تەنراوە و بەستێنەیە کە لە ڕێگەی دەروونناسیی کۆمەڵایەتییەوە کاریگەری و جێکەوت لە سەر خوێنەر بەجێ دەهێڵێت. واتە، مەبەست لە کاریگەریی دەقە بە سەر خوێنەرەکەیەوە، چ تاک بێت یان کۆمەڵ. بۆیە بایەخ بە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان دەدرێن، چونکە هۆکارن بۆ تێگەشتن لە دەق. بە مانایەکی تر، «مادام زمان کەرەسەی گوزارشتە و لە بیری زەینی تاکەکەس، یان لە بیر و هەستەکانەوەیە، کە وایە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی جیاوازە» (ئەلغەویل، ٢٠١١: ١١٢). لەم جۆرەدا جیاوازی لە نێوان مانای دەروونی و مانای لۆژیکی دەکات؛ بۆیە «مانای دەروونی بەجیاوازیی کەسەکان دەگۆڕێت، بەڵام مانا لۆژیکیەکە بە بابەتێکی جیاواز دەبێت» (١١٢). ئەو کۆنتێکستە پێی وایە تێگەشتنی مانای وشەکان، مادام لە شوێن و بیر و توانای جیاوازەوە سەرچاوە دەگرێت. جیاوازی لە لێکدانەوەکانیشدا دەبێت، لەبەر ئەوەی شتەکان لە بیرەکاندا و لە سەر بنەمای تێگەیشتن و ئاستی مەعریفی لێکدەدرێتەوە. «واتاکان وێنەی دەستهێنراوی شتە بینراوەکانن لە بیردا، هەموو شتێک بوونێکی لە دەرەوەی بیرەوە هەیە؛ بۆیە ئەگەر وێنەکەت لە بیردا وەک خۆی وەرگرتووە، دەتوانێت لە هەمان شێوە گوزارشتی پێ بکەیت و بگاتە گوێگر، بە پێچەوانەوە کاریگەری لە سەر گۆڕین و جیاوازی ماناکان دەکات» (قرتاجی، ١٩٨٦: ١١٤). کە واتە، ماناکان بە پێی دەنگدانەوە لای خوێنەر یان کۆمەڵ، دەگۆڕێت، پاشان میکانزمی ئاراستەکردنی بۆ گوێگر، دواتر میکانیزمی وەرگرتنەوەی لای گوێگر، هەموو ئەمانەش کاریگەری و بەهێزیی کۆنتێکستەکە دەردەخات. کە واتە، مەبەست لەو مانایەیە کە لە ڕێگەی دەروونناسیی کۆمەڵایەتییەوە ڕەنگدانەوە لە لای تاک، یان کۆمەڵگا بەجێ دەهێڵێت. وەک دەڵێت:

دیسـانـەوە
وەکوو دوێنـێ و وەکـوو پێـرێ و
پـار و پێـرار
ڕۆژێکـی تـری سواومـە و
دیسـانـەوە
هەم خۆم و سوغرەکێشی خۆمم و
بێواز و ... بێـواز
پاڵنـان بـە بێزاریمـەوە
بـەردەوامـە و
دەمـەوعـەسـرە و
چـون چـرچـاوی نیشتیمـان
هـەوا گـرژە و ... گـەڕەک مۆنـە
(٨)

---

[١] le context socio-psychologique.

www.SID.ir

Archive of SID

یا خود دەڵێت:

لەمـــــ ڕۆژمێـــرەی ئێستــــــەدا
سەعات لە ڕۆژ
هەفتە لە مانگ
مــانگیش لــە ســاڵ وەڕەس بــووە!
من لــە خۆمـــدا، لــە نـاو خۆمـــدا
ڕەنگمــــ لــە دەنگمــــ بێـــزارە و
دەنگمــــ لــە بـۆنمــــ بێـــزارە!
هـــەر لـەم کۆڵانــــەی ئێمــــەدا
دەرگــا لــە چــوارچێوەی خــۆی و
شووشـــە لـە پەنجــەرەی خــۆی و
سیلـــەی کـــۆڵان لــە کـــۆڵان و
کـــۆڵان لـە دیــــــوار بێـــزارە
بێ‌تاقەتیی لەتەکمایە و هەنگـاو ئەنێ
یـــان سێبەرمـــان یـــان هـــاوڕێ
(۹)

لەم تێکستەدا بەئاشکرا ناخی قووڵی شاعیر، یا خود نەستی قووڵی شاعیر دەخوێنیتەوە. ئەگەرچی تاک قسە دەکات، بەڵام گوزارشت لە کۆمەڵگە دەکات و دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە دەروون‌ناسیی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا دەربخات،کە بریتییە لە دەروونێکی تەواو و بێزار لە ڕابردوو؛ بە شێوازێک تەواوی کارەکتەرەکان بە هۆی بوونی نادادی و کێشە و مافخورانەوە، تەواوی دەروونەکان ڕووخاون؛ بە شێوازێک گیانەکان لە جەستەکان بێزارن. نموونەی شاعیر و ماڵ و کۆڵان، نموونەیە لە سەر شار و دواتریش هەرێمی کوردستان. هەر بۆیە دەڵێ:

لە نـاو منــدا
بێـــزاری هێنـــدە چڕبۆتــــەوە
خـــۆمـ ئەبینمــ بێشــەڵانمــ و
دەرِاڵێکـــی نـــاو «زمــاک»مــ و
تاڵـــی هەتـــاو ناگـــاتـــە لامـــ
مــن بە تەنـهــا هـــەر تەمـاشـای
پـــەرت و پـــەرشی پـایـزانـــە و
دوو دەستـی پەنجــە پەژمــوردە و
دوو قاچـــی لــە لـــەش وەڕەسـی
سەر شەقامی ئێوارانێکی دووبــارەی
هەتا شــەوی

www.SID.ir

Archive of SID

جـادەی سەهۆڵـەکەمـــ هەیـــە و
هیچی تر نا!
(۱۱)

دەیەوێت ئەوە بڵێت بێزارییەکەی لە ئەنجامی فەرمانڕەوایی دوو دەست بە بێ گوێدانە جەستەی ماندوو و پەژموردە، کە دەرئەنجامەکەی نادادیی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هتدە؛ هەموو ئەمانەش دوو قاچی لەلەش‌وەڕەس وای کردووە تەواوی کارەکان سست بکات و کاریگەری لە سەر دەروون و ڕەنگدانەکان بکات. یا خود دەڵێت:

لەم نەخشەیەدا بێزاریی زەلکاوێکە و
هەمـوو ڕۆژێ چەنـدین کـــەڕەت
سەرمــانی تیـا نوقم ئەکـــەن!
هەمـوو ڕۆژێ من ئەپرسمـــ!
لەچــــــی ئەچمـــ؟!
تەنەکـەی خۆڵ
(۱۳)

**۲-۴- کۆنتێکستی کۆمەڵایەتی**

مەبەست لەو مانا و چەمکە مەبەستدارەیە، کە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە کاریگەرییان هەیە و هاتوونەتە ناو دەقەوە. واتە،کردارەکان بە گشتی کرداری کۆمەڵایەتین؛ بۆیە مانا و مەبەستەکان لە ڕێگەی کۆنتێکست و بە هۆی پەیوەندیی کارلێکییەوە هەڵدەهێنجرێن. بەدەر لەمەش، لە بنچینەدا «زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە؛ بۆیە بەردەوام چالاکیی زمانی لەگەڵ چالاکیی کۆمەڵایەتی هاوسەنگە؛ بۆیە بەردەوام پەیوەستە بەو کۆمەڵگەیەی بەکاری دەهێنێت و کۆمەڵگە چوارچێوەیەکی زمانی دروست دەکات» (ئوشان، ۲۰۰۰: ۸۳). هەر بۆیە،کۆنتێکستی کۆمەڵایەتی هەموو ئەو پێکهاتانە دەگرێتەوە، کە کۆمەڵگەی لە خۆ گرتوون. وەک دەڵێت:

من کامـەرانمـــ
یەکەم درۆی نووسراوی بەرجەستـە
بـــە خۆمـــەوە
نـــاوەکەمـــەوە
هـــەر وەک ئەوەی دڕدۆنـگ نـــاوی
دڵنیـــا بـــێ و
قـاقـــــڕیش نـــــاوی دارستـــــان
(۷)

لەم بەستێنەدا ئەوەمان پێ دەڵێت ناوەکان لە سەر بنەما حەزەکان دەنێرێت، نەک تایبەتمەندی و مەعریفی؛ بۆیە مەرج نییە ناوی کامەران بێت، ئیدی کەسەکە کامەران بێت؛ یا خود ساڵح و ساڵح

www.SID.ir

Archive of SID

بێت. هەرچەندە ناوی تایبەتی مرۆڤ، تەنها بۆ ناسینەوەیە، نەک بەخشینی تایبەتمەندی، ئەم هەنگاوەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە هەیە و کاریگەری و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، لە سەر بنەمای حەز و خواست و کاریگەری و هتد بڕیاری لە سەر دەدەن. بە مانایەکی تر، لە خودی کۆنتێکستەکانەوە دەگەینە ئەوەی ژیانی شاعیر پڕە لە بێئومێدی و بە تەواوی ڕەشبینە بەرامبەر بەو هیوا و خواستەی کە هەیبووە و گەیشتووەتە ئەو یەقینەی کە هەموو هەوڵ و بەڵێنەکان، جگە لە درۆیەکی بێبنەما هیچی تر نەبوون. هەروەها دەڵێت:

ئەم کاتەت بـاش
من ناوم عەدالەتە
لـە سـەر زەمین چاوێکـی خـوا و
دەستێکـــی خـــوامـــ
ئەوەتەی هاتومەتە ئـەم نیشتیمانـە
کەس نامناسێ و کـەس نامبینێ و
ئـەوەی نـاوی نەبـێ منمـــ
مـــن لێـــرە تەنـهامـــ
(٣١)

لە کۆنتێکستی ئەم کۆپلەوە بەئاشکرا شاعیر باس لە نەبوونی دادپەروەری نێوان تاکەکان و دواتر دەسەڵات و حزب و هاووڵاتی دەکات. لەمەش خراپتر، شۆڕش و ڕاپەڕین کرا بۆ ئەوەی نادادی و ڕژێمی بەعس لە ناو بچێ؛ نۆزدە ساڵە شۆڕش و ڕاپەڕین کراوە، تا وەکوو ئێستاش کەس هەستی بە بوونی دادپەروەری نەکردووە؛ ئەمەش دەرئەنجامی ئەو سیستم و پەیڕەوی‌کردنی ئەم حزبایەتییەیە کە لە هەرێمدا هەیە. بۆیە کاتێک خەڵک لەبەر نەبوونی دادپەروەری شۆڕشی کرد، ئەمەش جۆرێک بوو لە ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی شێرکۆ بێکەس بۆ دەسەڵات؛ بۆ ئەوەی بەخۆیدا بچێتەوە و نەگاتە خۆپیشاندان. بە مانایەکی تر، دادپەروەری دروشمی تەواوی ئایین و ئایدۆلۆژیا و ڕێبازەکانە، بەڵام کە کاریان پێ نەکرێت، ئیدی دادپەروەری بێجگە لە درۆیەکی گەورە هیچی تر نییە. هەروەها دەڵێت:

بۆ ئەوەی بەڕاستی ببی بە نیشتیمان
ئەبێ لە سەر و ملتەوە بۆ بەرەو خـوار
خـــۆت، خـــۆت هەڵـوەشێنیتـــەوە!
ئەبێ بارانێکـی تـر لە ناوتـا دابکات و
بایـەکـــی تـــرت تیـــا هـــەڵکا و
ســـــووتانێکـــی تـــری جیــــاواز
بتکـــا بە قەفـەســـی چــــــا!
(١٧٩)

www.SID.ir

Archive of SID

بۆ ئەوەی وەک ڕابردوو ئەو ئامانجەی کاری بۆکردووە، ببێتەوە نیشتیمان، دەبێت سەرلەنوێ خۆی ڕێک بخاتەوە و تەواوی ئەو نادادییەی هەیەتی وەلای بنێ و سەرلەنوێ خۆی لە سەر خواستی هاووڵاتیان بنیاد بنێتەوە. واتە، هەرچی کراوە سوودی نەبووە و دەبێت سەرلەنوێ نیشتیمان بە سەر بنەمایەکی دادپەروەری و لۆژیکی و هتد بنیاد بنێتەوە. ئەمەش ئەرکی کەسانی دڵسۆز و خەمخۆرە. هەمیشە لە نێو ئەدەبیات بەگشتی، و ئەدەبیاتی فارسی بە تایبەتی، بابەتی کۆمەڵایەتی و سۆزداری بەگشتی، ڕەنگدانەوەیەکی گەورەی لە نێو شاعیراندا هەیە و زۆربەی شاعیران ئەگەر بە بابەتی سۆزداری دەستیان پێنەکردبێت، ئەوا بێگومان بابەتە کۆمەڵایەتییەکان سەرەتای دەستپێکیان بووە. شاملوو وەکو هەموو شاعیرانی دیکە ئەم بابەتەی فەرامۆش نەکردووە و لایەنی بەهێزی کۆمەڵایەتی لە نێو هۆنراوەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و بە تایبەتی تریش، لایەنی ئایینی. لە نێو ئایینیشدا، ئایینی مەسیحی ئاماژە پێ دەکەین، چونکە بەشێکی ژیانی شیعریی شاملوو ئەم بابەتەیە و لەبەر گرنگیی بابەتەکە ئاماژەی پێ دەکەین.

شاملوو جیاواز لە شاعیرانی دیکەی نێو ئەدەبیاتی نوێی فارسی زیاتر ئەم بابەتە ورووژاندووە. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە شاملوو خوێندنەوەی قووڵی بۆ دەقەکانی ڕابردوو کردووە، بەتایبەتی لە بواری پەخشانی ئایینی، مێژووی ئەفسانەیی و بەرهەمە ئەدەبییەکانی جیهانی مەسیحیەت. دواتریش ئاشنایەتی و هاوسەرگیری لەگەڵ خانم ئایدا سەرکیسیان وای کردووە کە ۲۵ هۆنراوەی گرنگ لەم بارەیەوە بنووسێت. بێگومان هاوسەرگیری شاملوو لەگەڵ ئەم خانمە ئەرمەنییە (ئایدا سەرکیسیان) لە ساڵی ۱۳٤۱، وای کردووە زیاتر ئاشنایی لەگەڵ بابەتە ئایینییەکانی مەسیحیەت پەیدا بکات و پێی کاریگەر بێت. ئەم بۆچوونەش تەنها بانگەشە نییە، بەڵکوو نیشانەگەلێک لە ژیاننامەی شاملوو ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکەنەوە؛ لە سەر بنەمای ئەوەی کە پەیوەندیی شاملوو بە ئایدا خانم و سەرسامبوون پێی لە ژیانیدا بووەتە مایەی سەرکەوتنی شاعیر (جوکار، رزیجی، ۱۳۹۰: ۱۲٦). وەک شاملوو خۆی دەڵێت:

در چهـــــره زندگـــانــــــی مـــن
که بر آن
هر شیار
از اندوهی جانکاه حکایتی می‌کند
آیـــدا لبخنــــــد آمرزشـــــی است
(۵۱۳)

زنی
کـــه نـــان و رخـــــتاش را
در ایـــن قربـانگـــــاه بـــی‌عدالـت
برخی محکومـی می‌کند که من‌ام
(٤۷۷)

www.SID.ir

Archive of SID

ئەم کۆنتێکستە لایەنی بەهێزی ژیانی سۆزداری و کۆمەڵایەتیی شاعیر دەردەخات، کە چۆن ژیانی ئاسایی کۆمەڵایەتیی خۆی بووەتە سەرچاوەی بەشێکی گەورەی شیعرەکانی؛ چونکە ئەم عیشقەی شاملوو و ئەو ئیرادەیەی کە هەیەتی بۆ دڵبەرەکەی خۆیەتی، لە هەر نزیکبوونەوەیەک لێی بەهرەی پێدەبەخشێت. لە بەستێنی ئەم دەقەید شاملوودا ــ خودئاگایانە یان ناخودئاگایانە ــ نزیکبوونەوەیەکی تەواو دەبیندرێ لە دەقەر و ناوەرۆکی ئایینی مەسیحیەت. بۆیە بەسوودوەرگرتن لەم ناوەرۆکە بۆ ئاشکراکردنی نیگەرانییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی لە نێوان عیشقی خانەگی و تەواو خودیدا لەگەڵ دنیای کۆمەڵایەتی دەرەوە بە «عیشقی کۆمەڵایەتی» ناوی دەبات؛ تا ئەو ڕادەیەی کە ئایدا بۆ ئەو بە مەسیحی دایک ناوی دەبات، جوان و پاک و ئارامکەرەوەی دنیای شاعیرێتی شیعری تەواو هەڵگێڕاوەتەوە. وەک شاعیر لە زمانی ئەو و بە چاوی ئەو دەبینێت:

نغمــه در نغمــه درافکنـــده
ای مسیح مادر، ای خورشیـــد
از مهربــانی بی‌دریغ جــانت
بـــا چنگ تمــام‌ناپذیـــر تـــو
سرودهـــا می‌توانمــ کـــــرد
غمــ نـــان اگـــر بگــــذارد
چـشمــــــه‌ســاری در دل و
آبشـــــــاری در کفـــــــ
آفتــــابی در نگــــــاه و
فرشتــــه‌ای در پیـــــراهن
از انســــان کـــته تویـــی
قصـــه‌ها می‌توانمــ کــــرد
غمــ نـــان اگـــر بگــــذارد
(٥٤٨)

مــن و تـــو یکـــی دهانیمـــ
کـــه بـا همــــــــه آوازش
به زیبـــاتر سرودی خوانـاست
مــن و تـــو یکی دیدگانیمـــ
کـــه دنیـــا را هـــر دمـــ
در منظـــــر خـــــویش
تــــازه‌تر مــی‌ســـــازد
(٤٥٨)

شاملوو زیاتر لەوەی کە ئاماژەی پێکراوە و باسی کاریگەریی ئایدا لە سەر شاعیرێتیی خۆی دەکات (٤٦٧، ٥١١). تەنانەت لە ئاماژە گرنگ و کاریگەرییە گرنگەکانی ئایدا لە سەر شاملوو ئەوەیە کە

www.SID.ir

Archive of SID

دوو دەفتەری شیعری بە ناوی ئەوەوە نووسیوە وەک *آیدا در آینه* (۱۳٤۳) و *آیدا درخت و خنجر و خاطره* (۱۳٤٤). ئەم دوو دەفتەرە دوو تایبەتمەندیی گەورەی هەیە؛ یەکێکیان ئەوەیە کە هەندێک لە عاشقانەترینەکانی شاملوو لەم دوو کۆمەڵەیەدا هاتووە؛ هەروەها بەپێی ئەم دوو کۆمەڵە هۆنراوەیە دەبێت ئایدا بە شازادەی هەم شیعری شاملوو دابنرێت و هەم بە شازادەی شیعری نوێی فارسی ناو ببرێت، چونکە هیچ شاعیرێکی ژن یان هاوسەری بەم جوانییە و بەم ڕۆشنییە لە هۆنراوەی نوێی فارسیدا باس نەکراوە. تایبەتمەندیی دووەم، ڕەگەز و ناوەڕۆکی بەربڵاوی بابەتی مەسیحیەتە لە چاو شاعیرانی دیکەدا، کە شاملوو ئاماژەی پێ‌کردووە. ئەمەش بە پاساوی ئەوەی کە ئەو هەموو شتانەی وەك بەخێرهاتنێک بۆ ئایدا نووسیوە؛ هەرچەندە لە چەند شوێنێکی دیکە و شاملوو بەر لە ئایدا خانم چەند دەقێکی دیکەی لە سەر ئایینی مەسیحی نووسیوە (جوکار، رزیجی، ۱۳۹۰: ۱۲۷-۱۲۸). بۆیە کۆنتێکستە سۆزییەکانی خۆی بە لایەنە کۆمەڵایەتییەکەوە تێکەڵ کردووە. شاعیر هاتووە ئایین و هۆنراوەی پێکەوە گرێداوە.

### ۲-۵- کۆنتێکستی سۆزی

ئەو جۆرەیە کە «پلەی بەهێزی و لاوازیی هەڵچوون دیاری دەکات، ئیدی بەڕاستی بێت، یان موبالەغە» (موداس، ۲۰۰۲: ۱۹۰). ستیڤن ئۆلمان دەڵێت «تەنها کۆنتێکست بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە وشەکە گوزارشتی بابەتی پەتییە، یان گوزارشتە لە سۆز و هەڵچوونەکان» (ئەلغەویل، ۲۰۱۱: ۱۲۹). کە واتە، لە سەر خوێنەر، یان ڕەخنەگرە کە جۆری مانای بابەتی و ئەوانەی پەیوەستن بە هەڵچوون و سۆزەوە دیاری بکات؛ واتە ئەو ساتانەی کە قسەکەر، یان نووسەر تێیدا ژیاوە و گوزارشتەکانی دەربڕیوە، چونکە گوزارشتەکان جیاوازن. وەک دەڵێت:

وا هات عاشقـــان! وا خـۆی هـــات
بە پۆشـاکی گەڵاڕێزانـەوە وا هــات
بــە نـــــۆزدە ساڵـــــــی زەردەوە
بــە نـــــۆزدە چـــــرای تـــاریک و
بــە نـــــۆزدە زامـــــی ســـــەوزەوە
لەگەڵ پەپوولە پایـزەی غەریبانـدا
بـەڕێوەیـــە ... دێـــت بـــۆ لاتـــان!
(۵)

ئەگەرچی کەش و بارەکە بریتییە لە کەشی نێوان کوڕ و کچێک و باسەکەش بریتییە لە ۱۹ساڵی ئەزموونی حکوومەتی هەرێم، کە تێیدا خەم ناخۆی و بێ‌هیوایی و نائومێدی و زام خراوەتە ڕوو، بۆیە دەیەوێت لەم دوو جیهانە، جیهانی پەیوەندیی ڕۆحی نێوان ئەم دووانە کە پەیوەندییەکی پڕنائومێدییە، لە ڕێگەی بەخشین و ناسینی ئەم پەیوەندییە جوانە، وا بکا جۆرێک لە پارسەنگ دروست بکات. لەگەڵ ئەوەی باس لە بێدەسەڵاتی و لاوازی دەکات، بەڵام جورێک لە خرۆشانی پەیوەندیی ڕۆحی دروست دەکات؛ بۆیە دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم سۆزەوە جۆرە پێداچوونەوەیەک بە ڕابردوو و هەوڵدان بۆ گۆڕان دروست بکات. هەر بۆیە دەڵێت:

www.SID.ir

Archive of SID

کە وڵات بوو بە چەتەوڵی هەڕەشـە و
چـی دەرگایـــە لێـی داخستـی
ئیتـر شتێک نییـە لـەودا هەرگیـز
تـۆ پێـی بڵێـی خۆشـەویستـی
(٢٢)

خۆشەویستی لە ژینگەیەکدا بوونی هەیە کە نیشتیمانەکە (ئەو کارەکتەرانەی کە نوێنەرایەتیی دەکەن) وەفای بۆ هاووڵاتیانی خۆی هەبێت؛ ئەگەرنا ئیدی شتێک بە ناوی پەیوەستبوون بە نیشتیمانەوە بوونی نامێنێت. بۆیە، پەیوەندیی خۆشەویستیی نیشتیمان و هاووڵاتی لە سەر بنەمای پەیوەندییە ڕۆحییەکان بونیاد دەنرێت؛ هەر کاتێکیش ئەمە نەما، ئیدی پەیوەندییە خۆشەویستییەکان پێچەوانە دەبنەوە و دەبنە ڕق. وەک دەڵێت:

ئەگـەر دنیـا
لـەم عشقـەی من و ڕۆژانـەی
لە نـاو دڵـی ژن و پیـاوی
سـەرزەمینـدا تۆوکـردایە
دڵنیـا بـووم
ئیتـر ڕق و شـەڕ و تۆڵـەی
تا هەتایە بە خۆیەوە نەبینیایە
(٢٠٩)

## ٢-٦- کۆنتێکستی فەرهەنگی

مەبەست لەو بەستێنەیە کە لە ڕێگەیەوە پەیام و مەبەستی ڕۆشنبیری لە ڕێگەی وشەکانەوە دەناسێنێت. جگە لەمەش، ئەم جۆرە کۆنتێکستە دەق وەک دیاردەیەکی ڕۆشنبیری دەبینێت. بۆیە ئەگەر بە زۆری بمانەوێت لەودی تێبگەین، لە ڕێگەی دەقەکان و ژینگەی کۆمەڵایەتی و گرووپە ڕۆشنبیرییەکانەوە دەبێت و لێرەوە مەبەستەکان هەڵدەهێنجرێن، یان لە ڕێگەی دیالۆگەکان لە ئاستە جیاوازەکان و ڕۆڵ و ئەندامانی کۆمەڵگە و داب و نەریت و هتد. هەر یەکە لە مانە، هۆکارە بۆ تێگەیشتن لە دەق و توانای لێکدانەوە و دەرهێنانی کارنامەکانی و دەرکردن بە کۆنتێکستەکەی (عومەر، ١٩٩٨: ٧٢). ئەم جۆرە کۆنتێکستە سەرنج دەخاتە سەر پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکە، تا وەکوو لێرەوە کارلێک و جێکەوت لای خوێنەر بەجێ دەهێڵێت. وەک دەڵێت:

ئەم نیشتیمانە نیوەڕوان کە ئەیبینی
خۆیمـان لێ ئەکـا بە گانـدی و
لە شـەویشـدا بـۆ کـاسـا-یـە و
بەیانیـان سۆفییـەکـی نوورانییـە و
ئێوارانیش جلی بارقـو حەجـاج-ی
لەبـەر دایـە!

www.SID.ir

Archive of SID

بـــە ڕۆژ ئـــەو درەختـــی شیعـــرە و
بە شەو تەورە
بـــە ڕۆژ تیـرێـــژی هــــــەتـــاوە
و
بـــە شـــەو قـەمـــەی شـــەوەزەنگـە
(۱۵۹)

لەگەڵ ئەوەی کارەکتەرەکانی نیشتیمان، دەیانەوێت بە ڕۆژی ڕووناک و بە هەر شێوازێک بێت، خۆیان بکەنە پاڵەوانی مێژوو؛ بەو پێیەی ئەوەی بەدەست هاتووە، هۆکارەکەی ئەوانن و ئەگەر ئەوان نەبوونایە، ئەم زەمینە نەدەڕەخسا. لەگەڵ ئەمەشدا، دەیانەوێت شەرعیەتی مانەوە و ستەم وەرگرن؛ بۆیە لە ڕۆڵێکدا خۆیان دەکەنە پارێزەری خەڵک و مافەکانیان، لە لایەکی ترەوە لە بەرژەوەندیی ئەوان نەجووڵێنەوە، ئەوا دەبنەوە زاڵمەکەی جاران و لە پێناو مانەوەدا، هەموو ڕێگەیەک دەگرنە بەر. وەک دەڵێت:

وشـــەی «هەق» بـێ سەروشوێنـــە و
دەمێـکـــە کـــــەس نـەیبینـیـــوە
وشـــەی ئارام ئەڵێ تاقەتم لێ بڕاوە
ڕەنگـە لەم وڵاتەدا ئیتر ناوی خۆمـــ
بگــۆڕم بە ناکامـــ
بەڵام وشەی غەدر
هەموو ڕۆژ لـە بەردەرکی ســەرایە و
پیـاســە ئەکـــا و
پـــــڕ بەشــــاریش پێئەکـەنــــێ
(۱۷۸)

### ۲-۷- کۆنتێکستی پێگە و هەڵوێست

مەبەست لەو تەنراو و بەستێنانەیە کە جۆرێک لە ڕێچکە و هەڵوێست دەگەیەنن و لە ڕێگەی ئەم هەڵوێستانەوە پەیامەکانی دەقەکە دەناسرێت. هەر بۆیە، ئەگەر بارودۆخ و هەڵوێستەکان کاریگەریی لە سەر چالاکیی زمانی هەبێت، کە واتە دیاریکردنی مانای قسەکان تەواو نابن، بەبێ گەڕانەوە بۆیان و زانینی سروشتیان. هەر لەبەر ئەمەش، ڤاندایک «بۆ هەموو پێگە و شوێن و هەڵوێستێک، وتەی خۆی هەیە» (ئوشان، ۲۰۰۰: ۸۲). پێگە و هەڵوێست دەرئەنجامی ئەو بارودۆخەیە کە شیعرەکەی تێدا نووسراوە، یان بەرهەم هێنراوە، یان هۆکار و پاڵنەری سەرەکیی نووسینی دەقەکە بووە؛ چونکە کۆی ئەمانە لە ناو زمانی دەقەدا ڕەنگی داوەتەوە. بۆ ڕێڕەو و کۆنتێکستەش، بە هەمان شێواز لێرەوە وەردەگرێتەوە. هەر بۆیە، زانین و ناسینی پێگە و هەڵوێستی ئەدەبی، هۆکارێکی گرنگی ئاشکراکردنی مێتازمان و دەلالەتە مەبەستدارەکەی دەقەکە و ئاستی سەرکەوتنی شاعیر دەردەخات لە گەیاندنی پەیامە مەبەستدارەکەدا.

www.SID.ir

Archive of SID

### ۳- بەراوردی شاملوو و بێکەس

هەر یەک لەم دوو شاعیرە نوێخوازەی ئێران و کوردستانی عێراق، دوو دیدگای جیاواز و دوو دنیابینیی جیاوازیان هەیە. ئەویش بەهۆی ئەوەی هەر یەکەیان لە دوو ژینگەی تەواو جیاوازی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە شیعریان چڕیوە و بە شێوەی جیاواز گوزارشتیان لە خەون و خولیاکان و تەنانەت ئایدیاکانیشیان کردووە . هەر یەک لەم دوو شاعیرە لە ناوخۆی وڵاتەکانیان نازناوی جیاوازیان هەیە؛ شێرکۆ بە شاعیری نیشتیمان و شاعیری ژن و شاعیری گەورەی گەلێک ناسراوە، لە بواری ئەکادیمیشیدا بە شاعیری فەرهەنگی زمان و ئەدەبیاتی هاوچەرخی کورد ناسراوە؛ هاوکات ئەحمەد شاملووش وەک شاعیری نوێخوازی ئێران و شاعیری مەرگ و ژیان و مرۆڤدۆستی و هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەستن بە ئینساندۆستییەوە ناوی دەرکردووە. تەنانەت دەوترێ کە هەر شتێک پەیوەندیی بە مرۆڤدۆستییەوە هەبووبێت، شاملوو قسەیەکی بۆ هەبووە. شاملووی نوێخواز ئەوەندە لە سەر ژیان و مردن قسەی هەبووە، بە شێوەی جیاواز بووەتە دەستمایەی شیعرەکانی (باقی‌نەژاد، ۱۳۸٦: ۲۷).

بە پێی ئەو چەند دەقەی کە لەم توێژینەوەیەدا وەرگیراوە، ئەم دوو شاعیرە بە کاریگەریی ژینگە کۆمەڵایەتییەکانیان شیعریان نووسیوە و هەندێك جاریش دەکرێ وەک شاعیری سەرکێش ناوببرێن؛ چون لە هەموو ڕۆژگارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕەنگدانەوەی هەبووە لە شیعرەکانیاندا. لەوەی بێکەس‌دا دەبینین ئەو کۆنتێکستانەی کە ئەم شاعیرە نووسیویەتی، هەر یەکەیان خوێندنەوەیەکی زۆر هەڵدەگرن و لەم دەقەی بە ناوی *ئێستا کچێک نیشتیمانمە* دەبینین، سەرلەبەری ڕەخنە و گلەیی و داوای بە خۆداچوونەوەی سیستم و دەسەڵات دەکات و دانەبڕاو لەو ژینگە سیاسییەی کە کورستانی تێدایە نووسیویەتی، دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت کە ئەوەی لە ڕابردوودا خەباتی بۆ دەکرا، ئێستا شتێکی ترە و ئەو دنیابینییەی کە چاوەڕوانمان دەکرد هێشتا نەهاتووەتە دی.

جیاواز لەمەش، ئەو دەق و کۆنتێکستانەی شاملوو، کە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی پێ کراوە، بەشی زۆری ڕەخنەی ناڕاستەوخۆ و دەردەدڵی شاعیرە بەرامبەر بە سیستمێك کە ژیان تێیدا تا ڕادەیەك داخراوە و ئەوەتا ئەو بەو دەقە شیعرییانەی کە لە سەر ئایین و بیروباوەڕی خۆشەویستەکەی نووسیویەتی، مەحکوومە و لە هەمان کاتیشدا بەشێکە لە واقیعە کۆمەڵایەتییەکە و شاعیر هاتووە هەموو گوزارشتەکانی بە خۆشەویستەکەیەوە بەستووەتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت بەهانە و پاساو بۆ ئەو شتانەی کە لە دڵیدا هەیە بهێنێتەوە و کۆمەڵگە لێی وەربگرێت. لەبەر ئەوە نموونەی ئەمجۆرە شاعیرانە لە نێو ئەدەبیاتی کوردی و فارسیدا تا ئەوپەڕی نوێخوازی کاریان کردووە و تازەگەر بوون و جێ پەنجەیان هەمیشە دەدرەوشێتەوە.

### ۴- ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەوەی کە بەستێن و کۆنتێکست ڕێڕەوێکی گرنگە بۆ دیاریکردن و ناسینی ماناکانی دەق و مەدلوولێکی نوێیە و هەڵگری مانایە، کە کۆی دەربڕاوەکە لە خۆی‌گرتووە. کۆنتێکست لە سەرەتادا تەنراوەیەکی زیهنییە، پاشان پەیوەست دەبێتەوە بە زمانەوە و

www.SID.ir

Archive of SID

دواتر جۆرەکەی دەردەکەوێت. شێرکۆ بێکەس و شاملوو زۆر بەوردی بیریان لە هەڵبژاردنی وشەکان کردووەتەوە، لە پێناو بەخشینی کۆنتێکستێکی بەهێز، بە شێوازێک لەگەڵ زەمەنەکان مانای نوێ ببەخشێت. بەگشتی، شێرکۆ بێکەس و ئەحمەد شاملوو توانیویانە کۆنتێکستی پراگماتی، دەروونی، سۆزی و هتد بەکار بهێنن و لە هەمووشیاندا هەمان هێزی مانایی ببەخشنە دەقەکە. ئامانجی سەرەکیی شاملوو، گەیاندنی مانا و وێنەی جیاوازە. بۆ ئەم مەبەستەش لە دەقە شیعرییەکاندا شێوازێکی نوێی لە پێناو بەستێنێکی زیهنیدا بەکار هێناوە.

www.SID.ir

Archive of SID

## سەرچاوەکان

### کوردی:


بێکەس، شێرکۆ. (۲۰۱۱). *ئێستا کچێک نیشتیمانمە*. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

هەژار، عەبدوڕەحمان شەرەفکەندی. (١٣٦٩). *هەمبانە بۆرینە*. تاران: بڵاوکراوەی سروش.


### فارسی:


باقی‌نژاد، عباس. (١٣٨٦). «شاملو شاعر زندگی و مرگ». مجله *زبان و ادبیات فارسی*، ش. ۹، س. ۳، صص. ۵۰-۲۵.

جوکار، منوچهر و عارف رزیجی. (۱۳۹۰). «عناصر و مضامین ترسایی در شعر شاملو». *ادب‌پژوهی*، ش. ۱۷، صص. ۱۲۱-۱۴۱.

شاملو، احمد. مجموعه اشعار شانزده دفتر. کتابخانه امید ایران.

--- (۱۳۸۳). *دفتر دوم: گزینه‌ای از اشعار شاعران بزرگ جهان*. تهران: نگاه.

--- (۱۳۸۴). *دفتر یکم: شعرها*. تهران: نگاه.


### عەرەبی:


البركاوی، عبدالفتاح. (٢٠١٤). *مدخل الی علم اللغة المدين*. القاهرة.

الحناش، محمد. (١٤٠١). *البنيويه و اللسانيات*. دارالبيضاء.

---. (١٩٨٠). *البنيويه في االسانيات*. المغرب: دارالرشاد الحديثة، الدارالبيضاء.

الرباع، سامی. (١٤٠٦). «البنائيه، التحليل الادبی». *فيصل*، عدد ١٠٣.

الزبيدي، السيد محمد مرتضى الحسيني. (٢٠٠٤). *تاج العروس من جواهر القاموس*. الكويت: المجلس الوطني للثقافة والفنون.

الزبيدي، محمد بن محمد بن عبدالرزاق. (٢٠٠٨). *تاج العروس من جوهر القاموس*. كويت.

السعدني، مصطفى. (٢٠٠٠). *المدخل اللغوي في نقد الشعر*. منشاه المعارف.

الطلحی، رده الله رده بن ضيف الله (١٤٢٣). *دلاله السياق*. مكة مكرمه: جامعه ام قری.

الغويل، ابراهيم (٢٠١١). *السياق و الاثرة فی المعنی*. ليبيا: اكاديمية الفكر الجماهيری.

القرطاجی، حازم. (١٩٨٦). *منهاج البلغاء و سراج الادباء*. بيروت، ط. ٢.

اوشان، علی ايت. (٢٠٠٠). *السياق و الفن الشعری من البنية الی القراءة*. دارالثقافة.

اولمان، ستيفن. (١٩٩٧). *دور الكلمه فی اللغة*. ت: كمال بشير، القاهرة.


www.SID.ir

Archive of SID

حجازی، سمیر سعید. (۲۰۰۱). *قاموس مصطلحات النقد الادبی المعاصر*. القاهرة: دارالافاق العربیة.

حسن، سعید. (١٤١٣). *علم لغة النص*. القاهرة.

خطابي، محمد. (١٩٩١). *لسانيات النص مدخل إلى انسجام الخطاب*. بيروت.

خليل، إبراهيم. (٢٠٠٩). د. *امتنان الصمادي، فن الكتابة والتعبير*، دارالمسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة. عمان ـ الأردن.

خليل، عبدالمنعم. (٢٠٠٧). *نظرية السياق بين القدماء و المحدثين*. الاسكندرية:دارالوفاء للطباع و النشر.

دايك، فان. (٢٠٠٠). *النص و السياق*. ت: عبدالقادر قنيني، الدار البيضاء.

سوسير، فرديناد دی. (١٩٨٥). *دروس فی الالسنه العامه*. ت: صالح عرماد. تونس.

شبلنر، برند. (١٩٨٧). *علم اللغة و الدراسات الادبیه*. ت: محمود جاد الرب، القاهرة.

عزت، علی. (١٩٧١). «اللغه و النظرية السياق». مجله *فكر المعاصر*، عدد٧٦.

عمر،احمد. (١٩٩٨). *علم الدلاله*. القاهرة: عالم الكتب.

عیسی، رانیا فوزی. (٢٠٠٨). *علم الدلاله، النظرية و التطبيق*. الاسكندرية: دار المعرفة الجامعية.

عیسی، محمود محمد. (٢٠٠٤). *السياق الادبی*. جامعه المنصور.

فتحی، ابراهیم. (١٩٨٦). *معجم المصطلحات الادبية*. تونس: المؤسسة العربية للناشرين المتحدين.

فضل، صلاح. (١٩٩٢). *بلاغه الخطاب و علم الفن*. الكويت: المجلس الاعلی للثقافة و الفنون والاداب.

فيندريس (١٩٨٥). *اللغه*. ت: عبدالحميد الدواخلی و زميله، القاهره.

مودداس، زينه. (٢٠٠٢). *نظرية النضم عند عبد القاهر الجرجانی فی الضوء النضرية السياقية الحديثه*. رساله ماجستير، جامعه مولود معمری.

**فەرەنسی:**

Brekle, H. E. (1974). *Semantique*. Paris: Librairie Armand Colin.

Micro, R. (1982). *Imprime en France.* Paris: Par Brodard Graphique.

Petit, L. (1984). En Couleurs. Paris: Parigramme.

www.SID.ir